# حوكمی كاركردن وەک وەرگری پارە لەو دووكان وبازاڕانەی گۆشتی بەراز وجگەرە دەفرۆشن

[ kurdish – كوردی – كردي ]


**موحەمەد صاڵح المنجد**

**سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)**


**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**


2012 - 1434

IslamHouse.com

# حكم العمل محاسبا (كاشيرا) في محل يبيع الخنزير والدخان

« باللغة الكردية »


## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی كاركردن وەک وەرگری پارە لەو دووكان وبازاڕانەی گۆشتی بەراز وجگەرە دەفرۆشن

**پرسیار :** ئایا حوكمی كاركردن وەك وەرگری پارە لەو دووكان وبازاڕانەی كە هەندێك شتی حەرام دەفرۆشن چیە ؟ (وەك جگەرە و گۆشتی بەراز وهەندێك شتی تر) ئەم كارەش تەنها وەرگرتنی پارەیە، وهیچ كارێكی تری وەك بانگەشەكردن وباركردن وگواستنەوەی ئەو شتە حەرامانە نییە، بۆ زانیاریشتان ئەو دوكان وبازاڕەی كە من دەیڵێم كەل وپەلی تری وەك خواردني حەلاڵ وجلوبەرگیش دەفرشێت، خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس بۆخوای گەورە.

بەهیچ شێوەیەك دروست نییە ئەو شتانەی كە حەرام و یاساغە لە ئیسلامدا بفرۆشرێت، وەك فرۆشتنی جگەرە و گۆشتی بەراز، چونكە وەها كارێك یارمەتیدانی خاوەن كارەكەیە لەسەر گوناهو تاوان، هەروەها ئەو شتەی خوای گەورە حەرامی كردووە بەهەمان شێوە پارە ونرخەكەشی حەرامكردووە، ئەمجا موحاسیب وپارەوەرگریش لەم جێگا وجۆرە بازاڕانەدا ئەو كەسەیە كەڕاستەوخۆ كاری فرشتن ئەنجام دەدات، بۆیە دروست نییە بۆت كە ئەو شتانەی حەرامن بیانفرۆشیت، وە هەركاتێكیش هەر شتێكی حەرام بفرۆشیت ئەو گوناهبار دەبیت، ئەوەش بزانە كە فرۆشتنی ئەم كەلوپەل وخواردنە حەرامانە هیچی كەمتر نییە لەكاری ئەو كەسەی كە بانگەشە ودیعایە دەكات بۆ ئەو شتە حەرامانە یان دەیانگوێزێتەوە

وداياندەگرێت، چونكە ئەوەی كە گرێبەستەكە ئەنجام دەدات ئەو كەسەیە كە موحاسیب وپارە وەرگرە، وئەوانی تر پاشكۆی ئەون .

خوای گەورە زاناو شارەزاترە .